www.kurdistannet.org
30-1-2007 20:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

زەکەریا ناوێکی ئاشنایە لە ناو موزیکی ئەم سەردەمەی کوردستاندا ... عومەر بالیدە

ناوێک کە هاتو موزیکی کوردی بردە ناو دنیایەکی تر و ژیانێکی تازەتر!!!!
ئەو دنیایەی کە زەکەریا دروستی کرد بۆ موزیکی کوردی دنیایەک بو کە زۆر نامۆ نەبو بۆ موزیک زانەکانمان. دنیایەکی تورکی، بە دابەشکردنی تورکی، بە ژەنیاری تورکی، بە تۆماری تورکی و هەستی تورکییەوە.
ئەمە دونیایەک بو کە هونەرمەند زەکەریا دروستی کرد بۆ موزیکی کوردی و ناویان ناوە موزیکی تازەی کوردی.
زۆر جار موزیک زانەکانمان هوشداریان دا کە ئەمە بە لا ڕێ بردنی موزیکی کوردییە نەک تازەگەری لە موزیکی کوردیدا. بەڵام هەر جارێک لە لایەن کەسانێکی دور لە موزیک و ناشارەزا لە موسیقای کوردی هێرش کرایە سەریان کە ئێوە کۆنە پەرستن و. . . . ئا لەم قسە دور لە راستیانە.
تا وەکو سێ یان چوار بەرهەمی ئەم هونەرمەندە ئەو خاڵانەی کە ئاماژەمان پێ دا بو بە بەرهەمەکانییەوە دیار بوو، بەڵام ئەوەی کە جێی سەر سوڕمانە هەر بەم شتانەوە نەوەستاوە و خەریکە ئامێرەکانیش بە ناوێکی تورکی یەوە پێمانی دەناسێنێت. کاتێک کە سەیری کەتالۆگی بەرهەمەکەم کرد ئامێرەکان بە ناوی تورکی نوسرابون!!! کە بە راستی ئەمە ئیتر بە هیچ جۆرێک پەسەند ناکرێت. ئایا ئەم کارەیش هەر تازەگەرییە، یانێ ئەبێت کە ناوی ئامێرەکان ئیتر بە زمانی تورکی ببرێت!!!!!
خودی بەرهەمەکە بە راستی زۆر لاوازە و کارێکە کە ئەتوانین بڵێین هەر بۆ پارە بەرهەم هێنراوە.
ئەوەی کە دیارە، ئەم هونەرمەندە دەستی داوەتە کارێک کە ئەگەر هەر بەم شێوازە بڕوات روخاندنی بنە مای موزیکی کوردی دەر ئەنجامیەتی.

Kurdistanmusic. blogfa. com
Kurdistanmusic2007@yahoo. com
2007/01/30

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.